شادیە کاکەسوور

# پیاوی سووچەکان

کۆمەڵەچیرۆک

٢٠٠١

بڵاوکردنەوەی سەر ئینتەرنێت: دەنگی کورد ٢٠٠١

ناواخن

کوڕەکەم کۆمۆنیستە ٣
ڕق ٥
چەک ٦
پیاوی سووچەکان ٩
مارمێلکە ١٢
ئەو ماڵە هی منە!! ١٣
بینین ١٨
شیربرا ٢١

# کوڕەکەم کۆمۆنیستە

منیش لەو تەمەنەی ئەو کۆمۆنیست بووم. لەجیاتی تۆقە و شانە و ماکیاج و جلی جوان، کتێبی مارکس و لینین و ئەوانی ترم دەکڕی. بێگومان باوکە بۆرژواکەشم رقی لەوانە بوو. بۆیە من دەبوایە بەدزییەوە بیانهێنمەوە و لە کون و کەلەبەری ماڵەکەدا حەشاریاندەم. شەوانەش هەر بەدزییەوە دەرمدەهێنان و دەمخوێندنەوە. ئای چ بەختێکی خراپم هەبوو خودایە، هەموو جارێ دەیدۆزینەوە و دارکاریی دەکردم. دەیخستنە توونی حەمامەکە و جنێو و نەفرەتی بۆ ئەو دەستەخوشکانەم دەنارد، کە ماڵیان لە گەڕەکە هەژارەکان بوو و جار جار دەهاتن بۆ لام. نازانم چەند مارکس و ئەنگلس و لینین و ستالین و ترۆتسکی و رۆزا لۆکسەمبۆرگ لەو توونی حەمامەی ئێمەدا بە دەستی باوکم سووتێنراون، بەڵام دەتوانم شوێنی برینەکانی جەستەی خۆم یەکە بە یەکە بژێرم. مافوورەکەیان دەکردەوە، تا بۆ جەژن دایخەن، مارکس و ئەنگلسیان لەناو قەدیدا دەدۆزیەوە. قەنەفەکانیان هەڵدەگێڕایەوە، بۆئەوەی پاکیان کەنەوە، لینین ئاشکرا دەبوو. دەستیان دەکرد بەناو فەردەی برنجەکەدا، تا چێشت لێبنێن، ستالین بە جووتێ سمێڵی زلەوە بەدیل دەگیرا. ترۆتسکی لەناو مەنجەڵە گەورەکەی مووبەق، کە تەنها جەژنا و جەژن لەسەر ئەو تاقە بەرزە دادەگیرا، دەدۆزرایەوە و تیرۆر دەکرا. رۆزا لۆکسەمبۆرگیان بەقژ لەناو سەماوەرەکەدا دەهێنایە دەرێ.

فێڵێکی چاکم دۆزیەوە، بەرگەکانیانم لێدەکردنەوە و بەرگی ئەو کتێبانەم

پێوە چەسپ دەکردن، کە کەس رقی لێیان نەبوون. لەمەوە گیانی ئەوان و هی خۆشمم لە دەستی ئەو باوکەم رزگار کرد، کە رقی دنیای لە رەنگی سوور بوو. بەڵام نازانم بۆچی حەزم لە چارەیان نەما و هەریەکەیانم بە لایەکدا پەرتەوازە کرد. کەچی کورەکەم جارێکی تر هەموویانی هێنایەوە. من وەکو باوکم نییم، نایانسووتێنم. کورەکەم ئەمە چاک دەزانێت. بەڵام هەرگیز ئەوە نازانێت، کە ناوی هەموو کتێبەکانیم دەرهێناون و ئەو کتێبانەم تێکردوون، کە دژ بەوان نووسراون. ئەوەی ماوەتەوە هەر بەرگەکانیانە. کورەکەم هەر زوو زوو هاورێکانی بانگدەکات و بە شان و باهووی کتێبەکانیدا هەڵدەدات. هەندێ جار یەکێکیان لەسەر رەفەکە هەڵدەگرێت و چەند لاپەرەیەکیان بە دەنگی بەرز بۆ دەخوێنێتەوە. ئەوانیش بەبێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەن، هەمیشە سەری بۆ دەلەقێننەوە و جار جاریش دەڵێن:

ـ نامرێ، نامرێ، بیری ئاوا هەرگیز نامرێ!

ـ بەڵێ، بەڵێ، هەرگیز نامرێ!

ـ ئەوانە دەمرن، کە لە دژیان دەوەستن!

کورەکەم نەیزانیوە، کە منیش رۆژێک لە رۆژان وەکو ئێستای ئەو کۆمۆنیست بووم!

## رق

کورێکی کەمدوو و گۆشەگیر بوو. زۆر کەم تێکەڵ بەو چوختیانەی تر دەبوو. ئەوانیش تەنها بۆ رابواردنی کات لێی نزیکدەبوونەوە و هەر جارێ بەزمێکیان پێ دەکرد. دوا جار ویستیان بەتەواوی بیکەن بەگاڵتەجاری خۆیان و هەموو کور و کچێکی تری ئەو زانکۆیە. جارێک و دوان و دە چوونە

بن گوێی و پێیان وت:
ــ هاژە خۆشیدەوێیت، شێتت بووە، شەوان لەبەر تۆ خەو ناچێتە چاویەوە، چاوەڕێیە تۆ پێی بڵێیت. ئەو شەرمە تا کەی؟

لە راستییدا ئەو بەپێچەوانەوە زۆر ڕقی لێی بوو و هەمیشە پێی دەوتن:

ــ کــوێربم و ئەو رەزاگــرانە نەبینم. چاوەڕێم رۆژێ ســەیرێکم بکات، بۆئەوەی بیـــانووی پێ بگرم و ریســـوای بکەم، کــوڵی ئەو دڵەمی پێ دامرکێنمەوە.

رۆژێکیان وایان لێکرد بانگی «هاژە» بکات و پێی بڵێت. بەجووتە چوون بۆ ناو باخەکەی دواوە و ئەوانیش سەرنجیان لێدەدان، تا بزانن کەی بەسەریدا دەتەقێتەوە و بە جنێو ریسوای دەکات. کاتێکیان زانی هاتنەوە و کوڕەکە بە رووێکی خۆشەوە وتی:

ــ سوپاستان دەکەم، ئێوە نەبوونایە، ئێمە نەماندەتوانی ئاوا بەئاسانی لەیەکتر نزیکببینەوە.

ــ چی؟ بوو بەڕاست؟ خۆشیدەوێیت؟

ــ زۆر زۆر!!

# چەک

ئەمــڕۆ نیـو ســەدەی رەبەق بەســەر ئەو ڕۆژەدا تێـدەپەڕێ، کـە پیـاوێکی چوارشانە هاتبوو نیشتیمانی دراوسێمان بکوژێ. ئەو لە هەموو دڵێکیەوە دەیویست لەناوی بەرێت، بەڵام لەسەری کۆڵان ڕێیان لێ گرتبوو. چەکەکەیان لێ سەندبوو. بە قۆنداغەکەی تێیکەوتبوون. سەریان لە دە لاوە شکاندبوو. کاتێ نیشتیمان هەواڵەکەی پێ گەیشت، بە پەلەپڕووزێ خۆی گەیاندە لای. ئەو کز کز پشتی بە دیوارەکەدا بوو. ئاخی ساردی هەڵدەکێشا. خوێنی لێ دەچۆڕایەوە. تەواو سیمای گۆڕابوو. کەچی نیشتیمان هێشتا دەیتوانی بیناسێتەوە. هەموو ئەو ڕووداوانە بە بیر خۆی بهێنێتەوە، کە پەیوەندییان بە ڕۆژگارێکی زووەوە هەبوو. ئەگەر بە یارمەتی یەک دوو ژنی دیکەی دراوسێی نەیگەیاندبا ماڵ و برینەکانی بۆ تیمار نەکردبا، لەپاڵ ئەمەشدا بەردەوام دڵنەوایی نەدابووایەتەوە، ئەوا ڕەنگ بوو هەر ئەوسا گیانی دەربچووایە. دیارە نەک لەتاوی ئێشی برینەکانی، بەڵکو لە داخی چەکەکەی، کە هیچ کەسێ

نەیدەزانی کێ لێی سەندبوو. چی بەسەر هات. دەگریا و فرمێسکەکانی بە خوڕ دەهاتنە خوارێ. «دەڵێن پیاو بۆ هەر شتێک بگری بە عەیب دادەنرێت، بێجگە لە چەک». نیشتیمان وەکو هەموو ژنەکانی دیکەی شار ئەو وتەیەی بیستبوو، کە خەڵک لە کۆنەوە پشتاوپشت دەیانگێڕایەوە. منداڵ چۆن بۆ شت دەگری، کابرا ئاوا دەگریا و دەیوت:

ـ من چەکەکەی خۆمم دەوێتەوە.

نیشتیمان هەر شتێکی نووکتیژی ماڵەکە لە قەڵەمبڕی بچووکەوە تا چەقۆی گەورە هەبوو، بۆی هێنا و پێی وت:

ـ هانێ بە یەکێ لەمانە بمکوژە.

کەچی ئەو سەری بادەدا و دەیوت:

ـ من چەکەکەی خۆمم دەوێتەوە و بەو نەبێ ناتکوژم.

نیشتیمان بەڵێنی پێ دا هەموو شتەکانی خۆی بەلاوە دەنێت و ئەو کەسەی بۆ دەدۆزێتەوە، کە چەکەکەی لێ سەندووە.

نیشتیمان هەموو مەخفەرەکانی پۆلسی تێگەیاند و خۆیشی ڕۆژانە لەم دەرگا و لەو دەرگای دەدا و لەم و لەوی دەپرسی، ئاخۆ نازانن کێ چەکی ئەو پیاوەی بردووە، کە لە ڕێگایەکی زۆر دوورەوە هاتووە و ویستوویەتی ئەمی پێ بکوژێت، بەڵام بێسوود بوو.

نیشتیمان ئێواران ماندوو و شەکەت بە دەستی بەتاڵ دەهاتەوە. بە سەرلەقاندن پیاوەکەی تێدەگەیاند، کە ئەمڕۆش هیچ. دەهات سەری دەخستە سەر شانیەوە. ئاخی هەڵدەکێشا. پیاوەکە بە چاوی پڕ لە سۆزەوە سەیری دەکرد. پێی دەوت:

ـ گیانەکەم من لە ئاستی تۆدا چەند خۆم بە شەرمەزار دەزانم، کە ئەو بارە قورسەم خستۆتە سەر شانت، بەڵام چی بکەم، ناتوانم ئەو چەکە لە بیر خۆم بەرمەوە و ناتوانم بە هیچ چەکێکی دیکەش بتکوژم.

ـ وا مەڵێ بە قوربانت بم، من ژنی تۆم و ئەوەی دەیکەم، ئەرکی سەر شانمە.

ئینجا پیاوەکە هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و لێی دەپرسی:

ـ تۆ بڵێی بیدۆزینەوە؟!

ـ نازانم، بەڵام من درێغی ناکەم و تا گیان لە جەستەمدا مابێ، بە دوایدا دەگەڕێم.

نیشتیمان کوڕێک و دووان و سێیان و چواری بوو و هەر نەیدۆزیەوە. گەورەبوون و چوونە ڕیزی باوکیان، ئەو چەکەی هەر بۆ نەدۆزرایەوە. باوک لە داخا مرد و ئەوان مانەوە. خەمی دۆزینەوەی چەکەکە بوو بە هی کوڕەکان.

نیشتیمان ئێواران بە دەستی بەتاڵ دێتەوە. بە سەر لەقاندن تێیاندەگەیەنێ، کە ئەمڕۆش هیچ. دەست دەکاتە ملیانەوە. ئاخ هەڵدەکێشێ.

ئەوان بە چاوی پڕ لە سۆزەوە سەیری دەکەن. پێی دەڵێن:
ـ دایە گیان ئێمە لە ئاستی تۆدا چەند خۆمان بە شەرمەزار دەزانین، کە ئەو بارە قورسەمان خستۆتە سەر شانت، بەڵام چی بکەین، ناتوانین ئەو چەکە لە بیر خۆمان بەرینەوە و ناتوانین بە هیچ چەکێکی دیکەش بتکوژین.
ـ وا مەڵێن بە قوربانتان بم، من دایکی ئێوەم و ئەوەی دەیکەم، ئەرکی سەر شانمە.
ئینجا کوڕەکان هەناسەیەک هەڵدەکێشن و لێی دەپرسن:
ـ تۆ بڵێی بیدۆزینەوە؟!
ـ نازانم، بەڵام من درێغی ناکەم و تا گیان لە جەستەمدا مابێ، بە دوایدا دەگەڕێم.

# پیاوی سووچەکان

ئەو «سەیران خان»ە هەر لە منداڵیەوە ئاوایە. ڕووداوەکان، گەورە بن، یان بچووک، نایوروژێنن. سەدان شتی سەیر دەبینێت و پرسیارێکیان لە بارەیەوە ناکات. پێرار لەپڕ دوو پیاوی کەتەی چەکداری ئەو خوارە لێی بە ژوور کەوتن. ڕۆژانە لەم سووچ و لەو سووچی هەیوانەکە دادەنیشن و چاویان دەبڕنە دەرگا کراوەکەی حەوشە. مەگەر بۆ نانخواردن و ئاوخواردنەوە و شتی دیکە هەڵبستن، ئەگینا مەحاڵە شوێنی خۆیان بەجێبهێڵن و چاویان لەو دەرگایە بتروکێنن. نە قسە لەگەڵ یەکتر و نەگەڵ ئەویشی دەکەن. ساڵێ زیاتری پێچوو بوو، کاتێ نیوەڕۆیەکیان بەدەم بۆیەکردنی نینۆکەکانی لێی پرسین:

ــ ئەرێ ئێوە لێرە چی دەکەن؟
ئەوان سەیرێکی یەکتریان کرد و سەریان داخست. دوای ماوەیەک، کە «سەیران خان» هەر بیریشی نەما بوو پرسیاری لێ کردوون، ئەوەی سووچی ڕاست وتی:
ــ خوشکەکەم ئێمە چاوەڕێی مێردەکەتین، بۆئەوەی بێتەوە و بیگرین.
ئەوسا چونکە ئەلبوومە کۆنەکەی خستبووە سەر کۆشی و سەیری وێنەکانی منداڵیی خۆی دەکرد، نەیتوانی هیچ بڵێ. هەر بەحاڵیش گوێی لێ بوو، بەڵام دوایی کە لە حەوشەکە پیاسەی دەکرد و خۆشی نەیدەزانی بیری لە چی دەکردەوە، لەپڕ چووە بەردەمی کابرا و بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:
ــ دەتانەوێ مێردی من بگرن؟
ــ ئەدی ئەگەر وانەبێ، ئیشمان بێرە چییە!
«سەیران خان» بیری لەوە کردەوە، کاتێ مێردەکەی دێتەوە، ئەوان لەملا و لەولاوە پەلاماری دەدەن و کەسیش نازانێ بۆ کوێی دەبەن. ویستی پێیان بڵێ ئاخۆ مێردەکەی چی کردووە، خۆ ئەو هەقی بەسەر هیچ شتێکدا نییە، کە ئەوان پێیان ناخۆش بێت، کەچی خۆشی نەیزانی بۆچی وای پێ نەوتن. ڕووی وەرگێڕا و دەستی کردەوە بە پیاسە لەناو حەوشەکە. ئینجا بیری کەوتەوە، کە مێردەکەی چەند ڕۆژێ پێش ئەوەی ئەوان بێن، دوو چەکدار هاتن و بە جلی خەوەوە بردیان، بەڵام تاقەتی نەبوو پێیان بڵێ. تەنانەت جارێکیان لەناو بازاڕ شووبراکەی بینی و پێی وت، کە مێردەکەی لە کام زیندانەیە، کەچی نەیزانی بۆچی پرسیاری لێ نەکرد، ئاخۆ بۆچی گیراوە و کەی بەردەبێ. ساڵێک بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی بوو، کە پیاوی سووچی لای ڕاستی هەیوانەکە پێی وتبوو مێردەکەی دەگرن، کاتێ بە چەقۆ تیژەکە گۆشتی گای لەتلەت دەکرد و دەستی خۆی بڕی. خوێن فیچقەی کرد و لە تاوی ئازار هەڵدەپەڕی. نەیدەزانی چی گەیاندبوویە بەردەمی کابرا و پێی وت:
ــ مێردی من گیراوە.
ڕەنگە ئەو شتێکی وتبێ، بەڵام «سەیران خان» لەبەر ئازاری دەستی گوێی لێ نەبووبێت. جارێکیان لە ناندینەکە شفتەی سوور دەکردەوە، خۆشی نەیزانی بۆچی ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: «تۆ بڵێی ئەو شتێکی نەوتبێت!». هەستا و چوو لێی پرسی:
ــ ئەو ڕۆژەی وتم مێردی من گیراوە، تۆ هیچت وت؟
ئەو بەبێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ، وەڵامی دایەوە:
ــ وتم چاوەڕێ دەکەین بەربێت و پیرۆزباییتان لێ بکەین.
ئەمڕۆ «سەیران خان» بە ڕێککەوت خەسووە خەمبارەکەی بینی و لە زمانی ئەوەوە زانی، کە مانگی ڕابردوو تەرمی مێردەکەیان لەگەڵ تەرمی دەیانی دیکە لە گۆڕستانێکدا دۆزیوەتەوە. یەکەمجار بوو ڕووداوێک

بیورووژێنێت. یەکەمجاریش بوو بیەوێ لە کاتی خۆیدا پرسیار بکات، بۆیە بە پەلە خۆی گەیاندە ماڵەوە و پێی وتن:

ـ مێردەکەم مردوو و ناشتیان، ئیتر ئێوە چی دەکەن لێرە؟

هەر دەتوت ئەو وەڵامەیان لەبەرکردووە، بە جووتە وتیان:

ـ پارێزگاریت لێ دەکەین.

«سەیران خان» بڕیاری دا بە ئێجگاری ماڵەکەی بەجێبێڵێت و تا ماوە رووی تێنەکاتەوە. هەندێ کەلوپەلی پێویستی ئاخنیە جانتایەک و بەرەو لای «ژیان»ی خوشکی کەوتە ڕێ، کە خۆشی نەیزانی چی ئەوی بیرخستەوە. ماوەیەکی زۆر بوو بیری لەو و لە مێردەکەی نەکردبووەوە. ئەمە خستیە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئەم لە هەموو ژیانیدا وەکو ئەمڕۆ بەسەروبەر نەبووە. ویستی تا لایەک بە لایەکدا دەکەوێ، لەوێ بژی، بەڵام هەرکە گەیشتە بەردەرگا کراوەکەیان و دوو پیاوی کورتەبنەی چەکداری خۆمانەی لەم سووچ و لەو سووچی هەیوانەکەیاندا بینی، بەرەو ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە و نەیویست خوشکە بێوەژنەکەی ببینێت. بە بەر دەرگا کراوەکانی ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵاندا دەڕۆیشت و سەرنجی خێرای لە پیاوی سووچی هەیوانەکان دەدا.

# مارمێلکە

ئەو جارەی «سەباحۆک»ی «هادی شاباش» پەلاماری دیوانەشیعری «خوێنی پەپوولە»ی «بەختیار جەلال»ی هاوڕێمی دا، من شەوێکی هاوینی منداڵیی خۆمم بیرکەوتەوە. ئەوسا من نەخۆش بووم و تای گەرم لەناو جێدا خستبوومی. پەپوولەیەکی ڕەنگینم دەبینی لەسەر جامی پەنجەرەکە یاریی دەکرد. لەناکاو مارمێلکەیەک بە دزە دزە هات و ویستی بیخوات. نەنکم

دەیوت، من هەر جارێ نەخۆشبکەوم، پەپوولەیەکم لە ئاسمانەوە بۆ دێت. کاتێکیش گەورە دەبم، ئەو هەموو پەپوولەیە لە خوا دەپارێنەوە، بۆئەوەی ژیانێکی ئاسوودەم پێ ببەخشێت. من نەمزانی بوو داپیرەم خۆی ئەو چیرۆکەی هەڵبەستووە، تا دڵنەوایی منی پێ بداتەوە، بۆیە هەر جارێ نەخۆشدەکەوتم، چاوم بۆ پەپوولەیەک دەگێڕا، بەڵام تەنها ئەو جارە بینیم، ئەویش هەر خێرا ئەو مارمێلکەیە پەلاماری دا. ماوەیەکی زۆر چاوەکانم نووقاند و نەمدەویست مەرگی پەپوولەکە ببینم، دوایی پێڵووەکانم لەسەر لادان و بە ترسەوە لە پەنجەرەکەم ڕوانی، بۆم دەرکەوت مارمێلکەکە و پەپوولەکە لەمدیو و لەودیوی جامەکەوەن. مارمێلکەی شپرزە لە دەرەوە بەردەوام شالاوی دەهێنا و بێهودە ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. پەپوولەی ئارامیش لە ژوورەوە بەبێ ئەوەی گوێی پێ بدات، لەسەر ڕووی ئەو جامە لووس و سافەدا لە یاریی خۆی بەردەوام بوو.

# ئەو ماڵە هی منە!!

لەگەڵ یەک دوو پیاوی وەکوو خۆت ڕێک بکەوە. دەمانچە هەڵگرن. دەمامکی خۆتان بدەن. لەسەر دیوار ئاودیو بن. کونوکەلەبەری ماڵەکە جوان بگەڕێن. زێڕ و پارە و هەرچی بەنرخە، بیانپێچنەوە.

ئەمە ڕێگایەکی تەقلیدیی پیاوانە لە دزی، بەڵام ئەو ژنێکی ڕۆشنبیرە. هەستێکی وریای هەیە و بەکاریدەهێنێت. شەوان درەنگ درەنگ بە هەر کۆڵانێکدا تێپەڕێت، دەزانێ کام دەرگایە قوفڵ نەدراوە. پاڵێکی پێوە دەنێت و بە ئەسپایی دەچێتە ئەودیو. ئینجا هەر زوو بۆی دەردەکەوێت چەند کەسی تێدایە. شتە بەنرخەکان لە کوێ حەشاردراون. ئەمە هەستێکە و سەرچاوەکەی دیار نییە. ئەوەندە دەزانێت هەیەتی و بە چاکی ڕێنوێنیی دەکات. تا ئێستا چەند ماڵێکی ئەم گەڕەکەی ئاوا تالانکردووە و پێیان نەزانیوە.

ئەوەتا جارێکی دیکە بەم نیوەشەوە خۆی لەم ماڵەدا بینیەوە. گوێی لە قاقای پێکەنینێک بوو. داچڵەکی. دووبارە و چەندبارە بووەوە. وا دیارە پیاوەکە لەودیو بەخەبەرە!! خۆی بۆ نەگیرا و بەسووکی دەرگاکەی کردەوە. کتێبخانەیەکی گەورە بوو و پیاوێکی گەنجی تێدا بینی. لەژێر گڵۆپەکەی سەر

سەریەوە کتێبێکی دەخوێندەوە. پرسی:
ــ ئەرێ ئەو کتێبە چییە، ئاوا تۆی هێناوەتە پێکەنین؟
ئەو بەبێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ وتی:
ــ وس!!
وس نەبوو:
ــ زۆرت ماوە تەواوی کەی؟
ــ نەء.
ئەوا تەواو بوو. هەر بەدەم قاقاوە پێی وت:
ــ یەکەمجارە کتێبێک بخوێنمەوە، ئەوەندە سەیر بێت. دەزانی من لە کەیەکەوە پێدەکەنم؟
ئینجا لەناکاو وەستا و پرسی:
ــ بە ڕاست تۆ لەمێژە لێرەی؟
ــ ئەوەندە نییە.
ــ لەودیو بووی؟
ــ ئا، بەڵام زۆر لەوێ نەمامەوە. گوێم لە دەنگی پێکەنینی تۆ بوو و خێرا هاتم.
لەسەر کورسییەکەی بەرامبەری دانیشت و سەرنجی لە کووپی چاکەی دا، کە دوو سێ قومی لێدابوو و ساردبووبۆوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەبوو کە ڕووداوەکانی ئەو کتێبە ئەوەندە سەیرن، چاکەیان بیربردۆتەوە:
ــ دەتوانم بۆ چەند ڕۆژێ ئەو کتێبەت لێ وەربگرم و بیخوێنمەوە؟
ــ نەخێر، چونکە ئەم کتێبە هێشتا چاپ نەکراوە و نەکەوتۆتە بەردەستی خوێنەر. نووسەرەکەی بۆ منی ناردووە، تا پێیدا بچمەوە. ڕەنگە بڵاویشی نەکاتەوە.
ژنەکە شتێکی نەبوو بیڵێ. پیاوەکە درێژەی بە قسەکانی دا:
ــ ئینجا من تۆ ناناسم. کێ دەڵێ بۆمی دەهێنیتەوە!!
هەردووکیان بێ دەنگ بوون. دیار بوو کابرا لەوە تێگەیشتبوو، کە نەدەبووایە قسەیەکی ڕەقی ئاوای لە دەم دەربچێت، بۆیە وتی:
ــ هیوادارم لە بەردڵت گران نەبێت. بە ڕاستی من بۆ کتێب ئاوام. وەکوو دەبینی ماڵەکە زۆر شتی بەنرخی تێدایە، بەڵام کتێبەکانم لە هەموویان خۆشتر دەوێن. پیاوێکی تووڕە نییم، بەڵام کاتێ ئەوانەی کتێبم لێ قەرز دەکەن و نایهێننەوە، یان پیسی دەکەن، من وەها شێت و هار دەبم، چی قسەی ناشیرینە لە دەمم دەردەچێت. دەتوانم بڵێم هەموو ئەو شەڕانەی من لەگەڵ خەڵکم کردوون، لەسەر کتێب بووە. دوا شەڕم لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بوو. لێت ناشارمەوە لەم ژوورە دەستمان نایە یەخەی یەکدی. دەیان شەقم لێ دا و نازانم چەند بۆکسم بەرکەوت. نەتدیوە بەرچاوم هەمووی

شین و مـۆر هەڵگەڕاوە؟! ها سـەیری دەسـتم بکە!! ئەم برینە دەبینی؟ ئەوە کاتێ لە دەرگای حەوشە پاڵێکی قایمم پێوەنا، بەر دیوار کەوت.

ـ ئەم ماڵە هی خۆتە؟

کابرا قاقایەکی لێدا و وتی:

ـ ئەم کتێبەش هەر باسی ئەوە دەکا. بەڕاستی پرسیارێکی هەزەلییە. ئەم ماڵە هی خۆمە؟! ها ها ها!! ئەم ماڵە هی خۆمە؟!

لە چاوەکانی ژنەکە ڕاما و لێی پرسی:

ـ ئەدی تۆ ماڵت هەیە؟

ـ هەمە، بەڵام وەکوو ئەمەی تۆ خۆش نییە.

ـ سەیرە!! تۆ ئێستاش ئەمە بە ماڵی من دەزانی!!

ـ ئاخر من ئەوە یەکەمجارە تۆ دەبینم و خەڵکی ئەم گەڕەکەش نییم، هەتا بزانم کێ خاوەنی ئەم ماڵەیە.

ـ ئەگەر ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، هەرگیز پرسیارێکی ئاوا ناکەیت!!

ـ بمدەرێ و دەیخوێنمەوە. بڕوا بکە بۆت دەهێنمەوە.

ـ ببوورە ناتوانم، بەڵام دەکرێ تۆ ئەمشەو لێرە بمێنیتەوە و بیخوێنیتەوە. ئەویش بەو مەرجەی بە هیچ کەسێکی نەڵێیت.

ـ من پەلەمە و دەبێ بڕۆم. ئێستا ئەگەر پۆلیس بزانن لێرەم، قۆڵبەستم دەکەن و تا زیندان نامەوەستێن. لەوێدیو هەندێ ملوانکە و گوارەی ئاڵتوون و چەند پارچە ئەڵماسێکی زۆر نایاب هەن و بە تەمام تا دنیا ڕووناک نەبۆتەوە، لەگەڵ خۆمیان بەرم.

کابرا ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

ـ ئەوانە لە ژنەکەم بەجێماون. زۆر خۆشیدەویستن.

ـ ئەدی کوا ژنەکەت؟

ـ چیرۆکێکی درێژە. ئەگەر تۆ بتوانی ئەمشەو لێرە بمێنیتەوە، ئەوا ورد ورد بۆت دەگێڕمەوە.

ـ من دەبێ بڕۆم. وەکوو پێم وتی دەبێ بە تاریکی ئەم ماڵە بەجێبهێڵم.

ـ خۆ تۆ کاتێ هاتیتە ژوورەوە، کەس نەیبینی؟!

ـ نەء، کۆڵان کشومات بوو. من هیچ کاتێ لە هاتنە ژوورەوە ناترسم، بەڵام هەمیشە دەرچوونم بە لاوە زەحمەتە.

لەناکاو ترسێک بە دڵیدا گەڕا و لەرزی پێخست. باوەڕی نەدەکرد ئەمشەو بە ئاسانی لەم ماڵە بچێتە دەرێ. لەسەر کورسییەکەی هەستا و چووە تەنیشتیەوە:

ـ نازانم ئەو ترسە چی بوو ئاوا لەناکاو گیانمی تەنی!!

سەری خستە سەر شانی. وردە وردە خەو دەیبردەوە. هەر لە منداڵییەوە ئاوایە. هەرکە ترس شاڵاوی بۆ دێنێت، خەوێکی قووڵ پەنای دەدات و لە خۆی

نقووم دەکات. کاتێک چاوەکانی هەڵهێنا، بەیانی بوو. پرسی:
ـ ئەم ماڵە هی تۆیە؟
ـ ها ها ها!! ئەم ماڵە هی منە؟!
هەستا و قژی ڕێکخستەوە. گەیشتە دەرگای حەوشە و ئاوڕی دایەوە:
ـ ئەم ماڵە هی تۆیە؟
ـ ها ها ها!! ئەم ماڵە هی منە؟
لە دەرەوە گوێی لێ بوو هەر بەدەم قاقاوە دەیوت:
ـ ئەمشەو زووتر وەرە، بۆئەوەی کتێبەکە بخوێنیتەوە و چیرۆکی ژنەکەمت بۆ بگێڕمەوە.
لەسەری کۆڵان پێچی کردەوە و بە خۆی وت:
ـ ئەو ماڵە هی منە!!

## بینین

لەگـەڵ ئەو دایکەم چووبم بۆ هەر شـوێنێ، کـۆڵـێ تەریقـبـوومـەتەوە و بە خـەفەتێکی زۆرەوە گەڕاومـەتەوە. ئەمرۆ بەجووتە چووین بۆ مـاڵی «ساکار»ی دەستەخـوشکم، چونکە مانگێ لەمەوبەر منداڵی بووبوو. لەناو پاسـەکە کوڕێک لە تەنیـشت کـچێ هەسـتـایەوە و شـوێنـەکـەی خـۆی بۆ دایکم چۆڵکرد، بەڵام دایکم رازیی نەبوو و پێی وت:

ـ نابێ رۆڵە نابێ، من نامـەوێت لـەیەکـتـرتان جـیاکـەمـەوە. بـەڕاسـتی زۆر لەیەکتر هـاتوون، دەڵێی لە ئەزەلەوە بۆ یەکتر خـولقاون، یاخـوا سـەد سـاڵی تر ئاوا بەیەکەوە بن و منداڵەکانتان لە سایەتان گەورەبن.

بەڵام دەرکەوت ئەوان یەکتر ناناسن، چونکە ئەمیـان لە شوێنێک دابەزی و ئەویان لە شوێنێکی تر.

هـەرکە گەیشـتـینە مـاڵی سـاکار، دایکم چوو بۆ لای بێشکەی منداڵەکە و بەدەم لابردنی کوللەکەی سەری دەیوت:

ـ وی بە قـوربانی بم، کـە جوانە، خـۆ هـەر رێک لە خـۆت دەچێت سـاکـار. ئای لەو چاو جـوانانە، ئەو لووتە بـچکۆلەیەی، دەمـە نـوقـڵـیـەکـەی، وی وی وی کوبانی.....!

بـەڵام دەرکـــەوت منداڵەکـــە لـەناو بێـــشکـەکـــەدا نـەبـوو، بەڵکو لـەســـەر دەستەکانی خەسووی ساکار بوو، کە لەپڕ هاتە ژوورەوە و وتی:

ـ بەخـێربێن.. وا دیارە بۆ بینینی ئەم گوڵە هـاتوون، سـەیری کـەن چەند لە باوکە نازدارەکەی دەچێت!

دایکم لەپڕ رووی وەرگێڕا و هەر خێرا وتی:

ـ ئۆی لەبەری بمرم، خۆ هەر دەڵێی باوکیەتی و بچووککراوەتەوە!

من دەمـــزانی دایکم هـەرگـیــز باوکی ئـەو منداڵـەی نـەبینیـوە، بـەڵام خــۆ نەدەکرا هیچی پێ بڵێم. کاتێکیش چووینە دەرەوە و لێم پرسی:

ـ بەڕاستی دایە منداڵەکە لە دایکی دەچوو، یان لە باوکی؟

سەیرێکی کردم و وتی:

ـ جا کچم بووک و خەسوو هێشتیان من بیبینم، تا بزانم لە کێ دەچێت!

# شیربرا

هەژار سەلام هەر کتێبێکی دەنووسی و بە چاپی دەگەیاند، هەر خێرا سەلام هەژاری شیربرای وتارێکی دوور و درێژی لەسەر دەنووسی و بە شانوباهوویدا هەڵدەدا. دواجار لە بارەی ئەو بەرهەمەی مانگی پێشوو کەوتە بەر دەستی خوێنەر، وتبووی: هەژار سەلام ڕۆژ بە ڕۆژ تواناکانی گەورە دەبن، بەڵگەش ئەو کتێبەیەتی، کە لە هەموو ئەوانی پێشووی چاکترە.

سەلام هەژار چاوەڕێی سوپاسی هەژار سەلام بوو، کەچی ئەو لە نامەیەکدا هەزار جنێوی پێ دابوو، چونکە ئەو کتێبە هی هەژار سەلامێکی دیکە بوو، کە تازە دەستی داوەتە نووسین و ئەمە یەکەم بەرهەمیەتی.

سەلام هەژار هەر خێرا سەرنووسەری ئەو گۆڤارەی ڕازیی کرد، کە لە ژمارەی داهاتوودا بنووسن: «ڕوونکردنەوە: ئەو سەلام هەژارەی ناوی بەسەر بابەتی «....»وەیە، سەلام هەژارە کۆنەکە نیە، بەڵکو یەکێکی ترە و تازە دەستی داوەتە نووسینی وردە شتی ساکار».